# مەرگی شوانە، چەخماخەیەك بۆ مەرگی جمهوری ئیسلامی ئێران !

ماوەی 3 هەفتە زیاترە خەڵکی زۆربەی شارەکانی کوردستانی ئێران، مهاباد، مەریوان، سنە، سەقز، پیران شەهر، شنۆ، سەردەشت، بانە... لە بزوتنەوەیەکی فراوانی جەماوەریدا، دەستەو یەخە ڕوبەڕووی نیزامی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران و دەزگا سەرکوتکەرەکانی بونەوە، تا ئەمرۆ ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان بەشێوەیەکی فراوان بەردەوامە.

خەڵکی ئێران هەموو ساتێکی ڕۆژانەیان لە بیری ئەوەدان کە چۆن فرسەت بهێنن و ئەم نیزامە گۆپال وەشێن و چەقۆکێشەی ئیسلامی سیاسی بڕوخێنن و دواین بزمار لە تابوتی ئەم نیزامە دابکوتن و گۆڕبەگۆڕی بکەن. کوشتنی شوان سید قادر لە شاری مهاباد، چرکەیەك بوو لەو ساتە وەختانەی کە خەڵکی کوردستانی ئێران تیایدا نەك تەنها بە دادگاییکردنی بکوژانی شوان و ئازادکردنی زیندانیانەوە نەوەستان، بەڵکو کوشتنی شوانە چەخمایەك بوو لە بروسکەیەکی گەورەتر، شەپۆلێکی گەورەی جەماوەری ناڕازیان بوو بە مەزهەب و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی. ناوەرۆکی خواست و دواکاری خەڵك، لە یەکەمین فرسەتی خۆیاندا بە دروشمی "مەرگ بۆ جمهوری ئیسلامی" و" ئازادی" و پەلاماری دلێرانەی خۆپیشاندەران بە داموو دەزگاکانی مەزهەب و حسەینیەکان و دەزگا جاسوسیەکانی موخابەرات و بانکە ئیسلامیەکان و دامودەزگاکانی نیزامی سەرکوتکەری ئیسلامی ئیران، گەیشت. بەرزکردنەوەی ئەم دروشمانە و پەلاماری دلێرانەی خەڵکی شارەکانی کوردستان ، نیشاندەری نەفرەتی قوڵی خەڵکی سەرتاسەری ئێران و شارەکانی کوردستانی ئێرانە دژ بە دەسەڵاتی نەگریس و ڕەش و وەحشی و کۆنەپەرستانەی جمهوری ئیسلامی و ئاماژە بەو راستیە دەکەن کە ڕوخانی ئەم نیزامە نەگریس و دەسەڵاتی ئیعدام و دژە ژنەی سەرمایەداری و دەستکۆتاکردنی مەزهەب لە سەر ژیانی کۆمەلایەتی گەورەترین و فەوریترین نیازی خەڵکی ئێرانە. لە هەمانکاتدا پەیامێکی ڕاستەوخۆو بوێرانەی خەڵکی کوردستانی ئێرانە، بۆ سەرۆکە پاسدارو ئیتلاعات و چەقۆکێش و ئینسان کوژە تازە دیاریکراوەکەی نیزامی ئیسلامی، پەیامێکی کورت و ژیرانە، کە دەکرێ لە " مەرگ بۆ نیزامی ئیسلامی"دا دیاریبکەین. پێشوازییەکی جەسورانە کە نیشاندەری پوچی و بێناوەرۆکی هەموو هەلبژاردنێکە لەسایەی نیزام و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیدا.

## خەڵکی نارازی و ئازادیخوازی کوردستانی ئێران!

ئەم شەپۆلە گەورەو ناڕازییەی ئێوە، ئەم ڕق ئەستوری و کینە پەنگ خواردەوەی ئێوە، پەیام و دەرسێکی گەورە ئاراستەی خەڵکی کوردستانی عێراق دەکات، دەرسێك کە تەجروبەی 26 ساڵی ژیان و گوزەرانی زیاتر لە 60 ملیۆن ئینسانی لەپشتە، تەجروبەی زیاتر لە 30 ملیۆن ژن و زیاتر لەوەش لاوانی ئێرانی لەپشتە، لە سایەی نیزام و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسیدا. دەسەلاتێك کە ئەمڕۆ ناسیونالیزمی کورد و هەردوو حزبە دەسەلاتدارەکەی لە کوردستانی عێراق، دەستیان خستۆتە نیو دەستیەوە لە بەغدا، هیچی کەمتر نیە لە کۆنەپەرستی و ئینسان کوژی و چەقۆکیشیەکەی نیزام و دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران، هیچیان کەمتر نیە لە دژە ژنی و دژ بە پێشکەوتوخوزای و دژ بە هەر دیاردەو پێوانەیەکی موتەمەدن و سکولار، کە ئێستا جمهوری ئیسلامی لە ئێران پیادەی دەکات و ئێوەو خەڵکی شارەکانی تری ئێران دوێنێ و ئەمڕۆ لە دژی ڕاپەریون. دەسەلات و هێزگەلێك کە ئەمڕۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان دەستیان خستۆتە نێو دەستیانەوەو بە "دۆست و هاوپەیمانانی خەڵکی کوردستان" ناو زدەیان دەکەن، هەمان دەسەلاتدارانی ئەمڕۆی ئێرانن لە بیرو سیاسەت و پراتیك و یاسا و دەستورو ئامانجیاندا و قوتابی ئەوان بوون و لە حەوزەو خوێندگاکانی شارەکانی قوم و تاهرن و مەشهددا لەلایەن وەزارەتی ئیتلاعاتەوە وانەیان فێردەکرا و هەندێکیان ڕاستەوخۆ دەستکردی ئەم نیزامە چەپەڵەی سەرمایەداری ئیسلامی ئێرانن. یەکێتی و پارتی لە گەڵ هێزگەلێکی کۆنەپەرست و چەقۆ بەدەست و تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی شیعی و سوننی و لە ژێر ناوی فیدرالیزم و حوکمی لامەرکەزیدا دەیانەوێت، کوردستان بلکێننەوە بە عێراقەوەو خەڵکی کوردستانی عێراق بخەنەوە ژێر چنگی سورو کۆنەپەرستی ئەم دەسەڵاتەوە کە ئاغاکانیان لە ئێران 26 ساڵە تەواوی خەڵکی ئەم وولاتەیان بە زیندانی و ئەسیری و بەکۆیلەتی بەزۆری سەرە نێزە ڕاگرتوەو خەڵکی ئێران ڕۆژانە دانە چیرەیانە بۆ فرسەت هێنان و گۆڕبەگۆڕکردنی دەسەڵاتەکەی.

لە لایەکی تریشەوە، تەجروبەی 15 ساڵەی دەسەلاتداریێتی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی عێراق" تەجروبەی سەرکوتی مافەکانی خەڵکی کوردستان و خنکاندنی ئازادییە سیاسیەکان و دژ وەستانەوە بەرانبەر بەمافە مەدەنی و فەردییەکانی خەڵکی کوردستان و کوشتنی هیواو ئارەزوەکانی لاوان و دەربەدەربونیان بۆ هەندەران و کوشتنی هەزارەها ژن لە ژێر ناوی "ناموس پەرستی‌دا" و بەستنی هاوپەیمانی و بەرەی جۆراوجۆر لە گەل کۆنەپەرسترین هێزەو لایەنی ئیسلامی سیاسی و قەومی عەرەبی‌داو هەروەها پەل ڕاکیشانی وولاتانی ناوچەکە بۆ کوردستانی عێراق و لەوانە بردنی سوپای جمهوری ئیسلامی ئێران، سوپا و پاسدارانێك کە ئێستا ئیوە سەرکوت دەکات و بە کۆمەل لە ناوتان دەبات، بۆ نێو جەرگەی کوردستانی عیراق و پێش لەشکری بۆ سوپاکانی تورکیا و بەعس بۆ شارەکانی هەولێرو شەقلاوەو دەستگیرۆیکردنی هێزەکانی ئیسلامی سیاسی و پێدانی وەزرات پێیان و تەخشان و پەخشانی پاروپولی خەڵکی کوردستان بەسەریاندا، سەرکوتی خەڵکی ئازادیخوازو چەپ و کۆمۆنیستەکان، فرۆشتن و ئاودیوکردنی سەروەت و سامانی خەڵکی کوردستان"... پێویستە بۆ ئێوەی ناڕازی و تینوی ئازادیخوازی و یەکسانی، دەرسێکی گەورە بێت و بە ئاگاییەکی بەرزەوە بڕواننە پراتیك و هەلسوکەوتی ناسیونالیزمی کورد لە کوردستانی ئێران و هێزە ڕاستەکانی کۆمەڵگای ئێران لە سەڵتەنەت تەڵەبەکان و میللیەکان و جمهوری خوازەکان و نەژاد پەرستە فارسەکان، ئاگاداربن کە خەبات و ناڕەزایەتی ئازادیخوازنەی ئیوە لە ژێر ناوی "ریفراندۆم و فیدرالیزم و...." وهەروەها "چاوبڕینە هێزەکانی ئەمەریکا" و "باهۆزی دیموکراتی" و دروشم و خواستی کۆنەپەرستی لەم شێوەیە، بە لارێدا نەبن و نەیکەنە دەستمایەی گەورەبون و شەریك بونی خۆیان لە دەسەڵات و سازشکردن بە ماف و خواستە بەرحەقەکانی ئێوە. هوشیاری ئێوەو ئاراستەی سیاسی بزوتنەوەکەتان پێویستە ڕووی لەجیابونەوەی ریزی خەباتکارانەی ئێوە بێت لەم هێزو بزوتنەوە کۆنەپەرستانە.

نیزامی ئیسلامی ئێران دەمێکە هەلئاوساوەو بۆگەن بوەو خەڵکی ئێران چیتر توانای ژیانیان لەسایەی دەسەلات و نیزامیکی ئیسلامیدا نەماوە. خەڵکی کوردستانی عێراق، بە ئومێدو شەوقەوە دەڕوانێتە ڕوخاندنی نیزامی ئیسلامی ئێران و تەواوی دامودەزگا سەرکوتکەرکانی و هەلپێچانی دەسەلاتی ئیسلامی سیاسی لە ئێران و گشت ناوچەکەو دامەزراندنی نیزامێك کە ئازادی و یەکسانی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی ئێران مسۆگەر بکات.

ڕیکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، وێرای مەحکومکردنی حەرەکەتی سەرکوتکەرانەو ئینسانکوژانەی نیزامی ئیسلامی ئێران، سەرەخۆشی خۆی لە خێزان و کەسوکارو هاوڕیانی گیان بەختکردوانی ئەم بزوتنەوەیە ڕادەگەنێت و لە هەمانکاتدا، خەبات و هاوسۆزی و پشتیوانەی بێدرێخی خۆی بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازانەو موتەمەدینانەی خەڵکی کوردستان، لە پیناو ئازادی‌ویەکسانی و گەیشتن بە خواست و ویستەکانی لە ئازادکردنی زیندانیەکان و دادگاییکردنی ئاشکرای بکوژانی شوان سید قادرو خۆپیشاندەران و چونە دەرەوەی تەواوی هێزە سەرکوتکەرەکان و سوپا بۆ شوێنەکانی پێشوی خۆیان و دابینکردنی ئازادییە سیاسیەکان، تەئکید دەکاتەوە.

**مەرگ بۆ جمهوری ئیسلامی ئێران**
**بژی ئازادی و یەکسانی**

**ڕیکخراوی کوردستانی**
**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
2005/8/4